یەکەی فرەزمانی ئی ئێف ئێف کارو چالاکیەکانی ئاڕاستەی هەر یەک لە قوتابخانە سەر بە شارەوانیەکان و قوتابخانەسەربەخۆکانە.

وانەکانی زمانی دایک لە قوتابخانە سەرەتاییەکان و قوتابخانە ئامادەییەکان و، قوتابخانە سەرەتاییەکانئامادەییەکانی گونجاو

ڕابەریکردنی خوێندن بە یارمەتی زمانی دایک و  پاڵپشتی کردنی دەستپێکی خوێندنی قوتابی بە زمانی دایک.

ئەرکی هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی ئاستی خوێندنی قوتابی لە ڕێگەی زمانی دایکەوە و تاقی کردنەوە و  هەڵسەنگاندنی ئاستی قوتابی لە بابەتی زمانی دایک.

**Enheten för flerspråkighet**
flersprakighet@uppsala.se
018-727 20 26
Uppsala kommun

# Modersmålsundervisning




flersprakighet.uppsala.se

Uppsala kommun

## شێوەی ڕێکخستنی وانە وتنەوە:

لە ئوپسالاّ فێرکردنی زمانی دایک، لە دەرەوەی کاتی خوێندنی فەرمی ئەنجام دەدرێ. واتا جیا لە کاتەکانی پۆل، کاتێکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرێ. ئەم کاتە، زۆربەی جار دەکەوێتە دوای چالاکی یان وانەی رۆژانەی خوێندکارلە خوێندنگە .

خوێندکارانی قۆناغی ( ف/ سفر – پۆلی پێنجی سەرەتایی)هەرلە خوێندنگەی خۆیان وانەیان دەبێ، بەلاّم خوێندکارانی پۆلی ٦-٩ ئێواران لە گرووپی هاوبەش، لە خوێندنگەیەکی دیاری کراودا کۆ دەبنەوە. ئەو خوێندکارانە خۆیان دەچن بۆ خوێندنگەی دیاریکراو و ئەگەر کارتی پاسیان پێ نەبێ، مامۆستای زمانی دایک بلیتی پاسیان بۆ دابین دەکات.

## زانیاری زیاتر:

سەبارەت بە فێرکردنی زمانی دایک، زانیاری زیاتر لە ماڵپەری ئی ئێف ئێف، لە ئۆپسالاّ دەست دەکەوێت.

flersprakighet.uppsala.se

Enheten för flerspråkighet (EFF) samordnar modersmåls-undervisningen i Uppsala. یەکەی فرەزمانی (ئی ئێف ئێف) ڕێکخەری فێرکردنی زمانی دایکە لە ئۆپسالا.

## زانیاری بنەڕەتی:

زانیاری بنەڕەتی بۆ هەموو زمانەکان پێویستە، جگە لە زمانی کەمینەکان.

مامۆستا لە دەسپێکی کار، زانیاری سەرەتایی خوێندکار، وەک توانایی خوێندنەوە، قسە کردن، گوێ گرتن و تێگەیشتن هەڵدەسەنگێنێ.

"زانیاری بنەڕەتی "بۆ ئاگادار بوون لە وردەکارییەکانی بڕوانە ماڵپەری ئی ئێف ئێف.

## شێوەی داواکردن:

سەرپەرشتی خوێندکار، فۆرمی داخوازینامە لە ڕێی خوێندنگە، یان ماڵپەری ئی ئێف ئێف وەردەگرێ و پڕی دەکاتەوە و ئیمزای دەکا بۆ پەسەند کردن دواترپێشکەشی بەڕێوەبەری خوێندنگەی خوێندکارەکەی دەکات.

خوێندنگە پێویستە ئەو داخوازینامەیە تا نیوەی مانگی جوون واتا مانگی شەش، بەر لە هاتنی ساڵی نوێ، بنێرێ بۆ ئی ئێف ئێف، ئەگەرنا شوێنی خوێندن بۆ خوێندکار مسۆگەر ناکرێ.

## کێ بۆی هەیە زمانی دایک بخوێنێت؟

تێبینی : زمانە کەمینەکان ناگرێتەوە

ئەو خوێندکارەی یەکێک لە سەرپەرشتارەکەی زمانی دایکی زمانێکی تربێت جگە لە زمانی سویدی ، خوێندنی زمانی دایکی پێشکەش دەکرێت ئەگەر:

١_ زمانی پەیوەندی و قسەکردنی ڕۆژانەی خوێندکار لە ماڵەوە زمانی دایک بێ.

٢_ خوێندکار زانیاری بنەڕەتی لە زمانەکە هەبێ.

خوێندکار دەبێ بتوانێت قسە بکات و لە زمانەکە تێبگات. وانە گوتنەوەکە بە زمانی دایک بەڕێوە دەچێت و پەیڕەوی پلانێکی نەتەوەییە.

## زمانەکانی کەمینە لە سوید:

زمانەکانی کەمینە لە سوید بریتین لە: فینلەندی، مێنکیلی، سامی، ڕۆمانی وزمانی جولەکە .

بۆ ئەوەی خوێندکار، زمانێکی کەمینە بخوێنێ، تەنیا دەبێ سەر بە کۆمەڵەی کەمینەتەوەکان بێ و پێویست ناکا زانیاری بنەڕەتی و وردی لەو زمانەدا هەبێ.

## بە گشتی دوو پلانی خوێندن لە بەرنامەدا هەیە کە خوێندکار یەکێکیان هەڵدەبژێرێ:

١. خوێندکار لە ماڵەوە بە زمانی دایک قسە دەکات.

٢. خوێندکار تازە دەست بە فێربوونی زمانی دایک دەکات.